# پێناسەو دابەش کردنی
# یەك خواپەرستی
# (توحید اللّه)

ن / مامۆستا أحمد مەلا فایق

بسم الله الرحمن الرحیم

نوسین و شیکردنەوە لەهەر بوارێکی ئیسلامدا خزمەتە وشوێنی خۆی دەکاتەوە ، بەڵام لە پێشترینەکان **(الأولويات)** یاسای نەگۆڕە لەدیاری کردنی خاڵی کارکردندا.

بۆیە بابەتی یەکخواپەرستیم هەڵبژارد کەبەڕێگەی زنجیرە باسێکی درێژ بتوانین بیناسێنین بەخوێنەوار ورۆشنبیران، لەچوارچێوەیەکی فراواندا هەموو بابەتەکان لەخۆ بگرێت، هەرلە پێناسە ودابەش کردن وشی کردنەوە و ......

وە بوونی (توحید) یش بە(أولويات) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی (مافی پەروەردگارە بەسەر بەندەکانیەوە) وەمەبەست و(غاية وحكمة) ی پەروەردگارە لە دروست کردنی (مخلوقات) بەگشتی وناردنی هەموو پەیامبەران (علیهم السلام) و پەیامەکانیانە. وەبناغە وسەرەتا وکلیلی ڕێگەی ئیسلامە وبانگەوازیە بۆی وخاڵی پێناسە ویەك لابوونەوەیە لەسەری وکۆبوونەوەی هەموو یاساو کارکردنەکانی ئاین ودەرکەوتنی ڕاستی وجیابوونەوەیە لەگەڵ ئاینە ئاسمانیە گۆڕاوەکان و یەکلابوونەوەی خاڵی دووبەرەکایەتی یە لەناو چین وتوێژەکانی ناو بازنەی ئیسلامیدا...بەکورتی یەکخواپەرستی (التوحید) لەئیسلامدا لەجێگەی سەرە لەلاشەدا. وەباسەکەش بەشێوەی بابەتی زنجیرەیی پێشکەش دەکەین :

### زنجیرەی یەکەم

## پێناسە ودابەش کردنی یەکخواپەرستی(توحید اللّه):

١- پێناسەی (التوحید):

بریتیە لەبەتاك ناسین وپەرستنی پەروەردگار **(الله جلَّ جلالُه)** وەشیتەڵ کردنەوەی بواری پەرستن بەبەڵگەی قورئان وسوننەت و،دیاری کردنی هۆکارەکانی هەڵوەشاندنەوەودژایەتی کردنی(توحید) بەهۆی هاوەڵ دانانەوە.

٢- دابەش كردنی (التوحيد):

دابەش كردنـی (التوحيـد) بەبەڵگـەی قورئـان وسـوننەت لای زانایـانی (أهـل السُّنَّة) دەبێت بەسێ بەشەوە بەم جۆرە:

١. توحيد الربوبية

٢. توحيد الإلوهية.

٣. توحيد الأسماء والصفات.

وەبـۆ زیـاتر شـارەزابوون، چـەند جۆرێكی تری دابـەش كردنـی (التوحيـد) دەبينـين كەهـەموويان لەسـەر ئـەم سێ خاڵـە كۆدەبنـەوە لای زانایـانی سـوننی وەهەریەكەیان بە تێڕوانینیان لەبوارێكدا و پەیوەسـت كردنیـان بەمەبەسـتەكانی ئیسلامەوە بەستويانەتەوە ، جۆرێكی تر لەدابەش كردنی(التوحيد):

بـەتێڕاونین لەشـوێن وجێگـەی ئیمـان وپەیوەسـت كردنیـەوە دەڵـێن شـوێنی ئیمان سێ جێگەیە :

١.دڵ ،٢.زمان،٣.ئەندامەكانی لاشە.

وەبـەم شـێوەیش (توحيـد) دەكـەن بەسێ بەشەوە:

**١- التوحيد القلبي أو الإعتقادي:**

(ئەو كارانەیە بەدڵ ئەنجام دەدرێت وەك: تـرس وخۆشەویسـتی وئـارام گـرتن و(توكل)...).

**٢- التوحيد القولي:** (ئـەو كارانەیـە بەزمان ئـەنجام دەدرێت وەك : شـهادە وسوێن وزیكر وپاڕانەوە و...).

**٣- التوحيد العملي:**

(ئەوكارانەیە بەپارچەكانی لاشـە ئـەنجام دەدرێت وەك نوێژ وڕۆژوو وحەج و...).

**وەجۆرێكی تریش لەدابەش كردن:**

ئـەم جـۆرە دابـەش كردنـە شـێوازی زانسـتی ودیـاری كردنـی خـاڵی یـەك لابوونەوە وبانگەوازی پێوە دەردەكەوێت هەروەك لە(**العقيـدة الطحاويـة:ج١ ص٤٢**) دەڵێت: (**التوحيد الذي دعت إليه رُسلُ الله ونزلـت بـه كُتُبَـهُ نوعـان** ) واتـە: ئـەو (توحيـد)ەی كەپێغەمبـەران (علـيهم السـلام) بانگـەوازیان بـۆ كـردوە وپەیامـەكانی پـەروەردگاری لەسـەر هاتووە دوو جۆرە:

١- (**التوحيـد في الإثبـات والمعرفـة**) یـاخود پـێی دەڵـێن (**التوحيـد العلمـي الخبري**) هەردوو مەبەست پـێی بەتـەنها دانانـە لـەڕووی هـەواڵ وزانسـت وناسینەوەی دا.

٢- (**التوحيـد في الطلـب والقصـد**) یـاخود پـێی دەڵـێن (**التوحيـد الإرادي الطلـبي**) واتـە: بەتـەنها داواكـاری ومەبەست.

جۆری یەكەم مەبەست پێی ( توحيد الربوبية والأسماء والصفات)ە واتـە: دوو جۆر لە سـێ جۆرەكـەی ڕابوردوو لـەخۆ دەگرێـت، وەمەبەسـتیش بـەم جـۆرە زانست وناسینە بەسەر بوون و(حقيقة) ی

تاكیەتی پەروەردگارە لەبەڕێوەبردن وخاوەنیەتی هەموو بوونێك وناسینەوەی هەموو ناو وسیفەتەكانی (ذات) ی پەروەردگارە بەبەڵگەی قورئان وسوننەت بەبێ تێكەڵ بوونی هیچ بیرو بۆچوونێكی (اجتهادات)ی ئەقڵی. وەمەبەستیش بەیەك كردنی ئەم دوو بەشە لەیەك بەشدا ئەوەیە كە نە بە (الربوبیة) موسڵمان دەبێت و نە(واجب)یشە لەسەری شارەزایی تەواوی بشكێت بەسەر ناوو سیفاتەكانی پەروەردگاردا بێجگە لە پوختە شارەزاییەك نەبێت لەبارەیەوە كەپێی دەوترێت (الاعتقاد المجمل).

وەمەبەستیش بەجۆری دووەم (توحید الألوهیة)ە وەزیاتر بەیەك بەش كردنیان بۆ ئەم بابەتە خاڵی بانگەواز وكاركردن ویەك لابوونەوە بێت وهۆی وەرگرتنی ئیسلام كار لەسەركردنی وپاداشت وسزا بێت لەسەری كە (مافی) پەروەردگارە بەسەر بەندەكانیەوە وخڕ بوونەوەی هەموو ئیسلامە لەسەری .... وەئەو زانایانەش سەیری تێڕوانینی جۆری كاروپەرستن دەكەن ناوی (عبادة) ی لێ دەنێن وەكوو جیاكردنەوەی مافی (خالق) لە(مخلوقات)،مەبەستمان ئەوەیە (توحید الألوهیة) پێیشی دەوترێت (توحید العبادة).

دابەش كردنی (توحید) بۆ سێ بەشەكەی سەرەتا هەموو زانایانی (منهج) پاكی (أهل السنة) كۆن لەسەری، بەڵام بەرامبەر ئەم دابەش كردنە چەند دابەش كردنێكی تر بەدی دەكەین لەبەرامبەری ئەهلی سوننەتدا بەهەمان شێوەی دابەش كردن بەڵام لەسەر بەرنامە و(منهج) ی خۆیان بۆلادانی حەقەكە وەبۆزیاتر شارەزابوون بەسەر بەرامبەركێ وهەموولا خوێندنەوەی باسەكە بەكورتی بەسەریدا تێدەپەڕین....

لە(العقیدة الطحاویة ج١ ص٥٣) دەڵێت: "هەندێك...دەڵێن(توحید) دەبێت بە سێ بەشەوە:

١- (توحید العامة) مەبەستیان پێی (توحید الإلوهیة) واتە (توحید) ی ڕەشۆكی خەڵك.

٢- (توحید الخاصة) ئەمەش كەسانی خاوەن(كشف وحقائق...) پێی دەگەن وتایبەتە پێیانەوە.

٣- (توحید خاصة الخاصة) ئەمەش كاكڵە، وەهەموو كۆكەرەوەی (توحید) ە لایان، ئەمەش كەسانێك دەیگەنێ كە هەست بەبوونی(القدیم) بكەن بەس، بێجگە لەبوونی ئەو هیچ بوونێكی تر نییە، وەبوونی ئەو بوونی هەموو بوونێكە وتێكەڵە لەگەڵی پێی دەوترێت

(وحـدة الوجـود أو الاتحـاد والحلـول) لەبەرامبەردا دابەش كردنێكی تری(أهل الكلام) هەیە، زانای بەرز(إبن تیمیە) لە(الفتاوی ج٣ ص٦٨) ئاماژەی بۆ دەكات ودەفەرموێت: « عامة المتكلمين أن يجعلوا التوحيد ثلاثة أنواع:

١- واحد في ذاته لاقسيم له.
واتە:" یەكە ونابێ بە دوو".

٢- في صفاته لا شبيه له.
واتە:"سیفاتەكانی هاوشێوەی نی یە".

٣- واحد في أفعاله لا شريك له.
واتە:"كردارەكانی هاوبەش تیا نی یە".

وأشهر الأنواع الثلاثة عندهم هو الثالث، وهو التوحيد المطلوب، ومعنى قوله (لا إله إلاَّ الله).»

وەشیتەڵ كردنەوەی ئەم خاڵانە زۆرێك لەكێشمەكێشمی(فلسفة وعقلانیة)تی دەوێت، بەگوێرەی بیرو بۆچوونەكانی خۆیان دایان هێناوە لەچوار چێوەی دەرك پێكردن وبۆچوونی ئادەمیزادی دەرناچێت..... هەروەك چۆن(توحید) لەبیر وبۆچوونی زۆربەی خەڵكیدا بەس باوەڕبوون و(إقرار) ە بەسەر بوونی (خالق) دا" وجود الله".وە ئەوەی نەگۆڕ وتەواوە ئەو سێ بەشەیە كەبەڵگەی قورئان وسوننەت وفەرموودەی (صحابة) كان وزانایانی سوننی یە لەسەری وەئەمانەی تریش پێویست بەهیچ ڕەد دانەوەیەك ناكات لەبەر لادانی (منهج) ی وبێ بەڵگەی باسەكەیان....

وەهەروەها دابەش كردنێكی تر بەدیدەكەین لەم سەردەمەدا بەبۆنەی لادانی خاوەنەكانیانەوە لەسەر(منهج) ی ڕاست ودروستی ئیسلام و شەرعیەت دان بە(منهج)ە لادەرەكەیان. ئەمانەش وەكو عەقلانیە پێشوەكان دەستیان لە(توحید) وەرداوە وەبەوشێوە بانگەواز دەكەن كەبەشی سەرەكی(توحید) لەبریتی (الأُلوهية)،(الحاكمية)یە، بەمانای هەوڵدان بەدوای كورسی دەسەڵات وگرنگی دان بە(حاكم وحكم و...)ئەوانەی پەیوەندیان بەكاری سیاسەت ودەسەڵاتەوە هەیە، بۆیە لەبەرانبەردا(شرك) بەس لەچوار چێوەی (شرك القصور) دا دەبیننەوەو كاری بانگەوازی ڕۆژانەیان لەسەر بنیاد دەنێن....

خۆ تا دەگەنە كورسیەكی دەسەڵات، توشی چەندەها لادان و(شرك القصور) دەبن لە(الانتخابات،البرلمانات)و جێبەجێ كردنی یاسایانی ناشەرعی و، بێدەنگ بون لەئاستی چەندەها(فساد، منكر) دا، بەناوی(فقة الواقع والعصرية والشمولية والتجديد...)

هەوڵـدان بـۆ پاڵفتـەکردنی خـەڵکی لەبوارەکانی (شرك الإلوهية) دا بەکارێکی لاوەکـی وبێبناغـەیی دادەنـێن وخاوەنەکانیشـی بـەبێ ئاگـا ودوور لەناوەڕۆك دەزانن....

بەڵام باسـەکەمان (توحيـد الإلوهيـة)ە خـاڵی کـار لەسـەرکردن و بـەڕێوەبردن و وەرچەرخاندنی گەلانە لەسەری، هەروەك دەبیـنین هۆکـاری هـەموو بـوون وبوونەوەرێك و(غاية) ومەبەست و(حكمة) ێـك لەدروسـت بـوونی خـاڵی سـەرەکی ئـادەمیزاد وجنۆکـە بـۆ(وجـود) لەسـەر (توحیـد الإلوهیـة) بـوون کۆدەبێتـەوە. وەکو خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿وما خَلَقتُ الجِنَّ والإنسَ إلا ليَعبُدُون﴾(١)

کەواتـە: دروسـت بـوونی ئـەو دوو عالەمـەی کـەخاوەنی ژیـری وهەڵبژاردنـە هەرلـەئادەمیزاد وجینـنـەکان لەبـەر پەرسـتن بـووە ئـەویش (توحیـد الإلوهیـة)یـە، وەخـاڵی سـەرەکی هـۆی نـاردنی زنجـیرەی پێغەمبـەران (علـيهم الصـلاة والسـلام) سـەرلەنوێ هـەر لەبـەر دووەم (توحيد الإلوهية) بـووە. هـەروەك دەفەرمووێت:

﴿ ولقد بَعَثْنا في كُلِّ أُمَّةٍ رسولاً أنِ إعبدوا الله واجتَنبوا الطاغوت﴾(٢).

هۆکـاری نـاردنی هـەموو پێغەمبـەران (عليهم الصلاة والسلام) لەبەر هـۆی خواپەرسـتی ودوورکەوتنەوە لـە هاوبـەش پەیداکردن بـووە، واتـە ئـەو هـەموو چـیرۆك وبەسـەرهاتانەی پێغەمبـەران (علـيهم الصـلاة والسلام) لەگەڵ گەلانیاندا لەپێناوی (توحید الإلوهية) بووە.

**وەئەگەر ئاوڕێکیش بەسەر قورئاندا بدەینەوە دەبیـنین بەچـەند شـێوازێك بـاس لەسـەر (توحیـد) ی دووەم وهاوبەش پەیدا کردن هاتووە:**

وەبۆزیـاتر سـەلماندنی ئـەم باسـە ئاوڕێـك بدەینـەوە بەسـەر قورئـان وفەرموودەکاندا دەبینین بەو شـێوازانەی کەهـەموو یاسـای ئیسـلامی لەسـەر خڕبۆتەوە کەشـێوازی (الأمـر والنهـي)ە، هەر بەو شێوازانەش(توحید الإلوهیـة) ی لەسەر داڕژاوە.

١. دەبیـنین خـوای پـەروەردگار بەشێوەی (الأمر) دەفەرمووێت:

﴿ وقضى ربُّكَ ألا تعبدوا إلا إيَّاهُ وبالوالدين إحساناً ﴾(٣)

(وقَضَى رَبُّكَ) واتە(وأَمَرَ رَبُّكَ) فـەرمان ئـەدات پـەروەردگار بەتـەنیا ئـەو بپەرستین، وەدەفەرمووێ:

﴿ واعبدوا الله ولا تُشركوا به شيئاً ﴾(٤).

---

(١) (سورة الذاريات:٥٦).
(٢) (سورة النحل:٣٦).
(٣) (سورة الإسراء:٢٣).
(٤) (سورة النساء:٣٦).

وەبەشـێوەی فـەرمان دەفـەرمووێت پـەروەردگارتان "الله عزَّوجَـلّ" بپەرسـتن وهـاوەڵی بـەهیچ شـێوازێك بـۆ دامـەنێن، بـەلاّم ئـەمڕۆ دەبیـنین خـەڵی ئامـادەن فەرمانەکانی خوای پەروەردگار وەك(نوێژ وڕۆژوو حەج و...) جێبەجێ بکەن، بەلاّم گـــەورەترین فـــەرمانی کـــە(توحیـــد الإلوهیـة)یـە جێبـەجێ ناکـەن" لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە گـەورەترین ولەپێشـترین فەرمان فەرمانی(توحید)ە، بەلاّم خەڵکی بەگشـتی بێئاگـان لێـی، خـۆ ئەگـەر فـەرمانی(توحید) جێبـەجێ بکـەن ئـەوا فەرمانەکانیتر جێبەجێش نەکەن یاخود بـەکاڵ وکرچـی جێبـەجێی بکـەن ئـەوە هەر مایەی ڕزگار بوونیانە .

٢. وەهــەروەها بەشــێوەی (حــرام) قەدەغــەکراوەکان (المنهیــات) باســی هەڵوەشـێنەرەوەی (توحیـد الإلوهیـة)ی کردووە. دەفەرمووێت:

﴿ قُل تعالوا أَتلُ ما حرَّمَ رَبُّكُم عليكم أَلاّ تُشركوا به شيئاً ﴾ (٥).

واتە ئاگادارتـان بکـەم بەسـەرئەوەدا کەپـــەروەردگار لەســـەرتانی(حـــرام) وقەدەغـــەکردووە ئـــەویش هاوبەشـــی پەیداکردنـــە" کـــەوابوو هاوبەشـــی پەیدامەکەن بەهیچ شێوەیەك.

(٥) (سورة الأنعام:١٥١).

وەهـــەروەها بەشـــێوەی (حـــرام) دەفەرمووێت:

﴿ قُل لا أَجدُ في ما أُوحيَ إِليَّ مُحَرَّماً على طاعمٍ يَطعَمُهُ إلا أن يكونَ ميتةً أو دماً مَسفوحاً أو لحمَ خنزيرٍ فإنَّهُ رِجسٌ أو فسقاً أُهلَ لغيرِ اللهِ به ﴾ (٦).

وە دەفەرمووێت:

﴿ إنما حرم عَلَيْكُمُ الميتَةَ والدمَ ولحمَ الخنزيرِ وما أُهلَ به لغيرِ الله... ﴾ (٧).

وەهـــەر بـــەم شـــێوەیە لەســـورەتی (المائـــدة: ٣)و(النحـــل: ١١٥) باســـی کـــردووە. وەلـــەڕیزی (فـــواحش) واتـــە هەمووجۆرە تاوانەکانـدا باسـی کـردووە، دەفەرمووێت:

﴿ قُل إنما حَرَّمَ رَبِّيَ الفواحشَ ما ظهرَ منها وما بَطنَ والإثمَ والبغيَ بغيرِ الحقِّ وأن تُشركوا بالله ما لم يُنزِّل به سُلطاناً ﴾ (٨).

ئەمە هەندێك لەو ئایەتانـە بـوون کـە حەرامەگـەورەکانیان نیشـانە کـردووە، بەتایبەتی هاوبەش پەیداکردن(الشرك).

بـەلاّم سـەیر لەوەدایـە ئـەو خەڵکـە بەگشتی ئەوەندەی لە(حرام)ەکانی خوار شـێرکەوە خۆیـان دەپـارێزن ئەوەنـدە لـە(شـرك) خۆیـان ناپـارێزن" هـەروەك حەرام نەبێت وایە. هەروەهافاطمة (خوای لێ ڕازی بێـت) دەفـــەرموێت: " أعـــدل العـــدل

(٦) (سورة الأنعام:١٤٥).

(٧) (سورة البقرة:١٧٣).

(٨) (سورة الأعراف:١٣٣).

التوحيد وأظلم الظلم الإشراك بالله تعالى" واتە گەورەترین تاوان و(حرام) هاوبەشی پەیداكردنە.

تائێستا بەدوو شێوە سەلماندمان كە بوونی(توحيد الإلوهية) و نەمانی (شرك) لەهەموو كەسێك داواكراوە بەشێوەی (الأمر) لەگەڵ (النهي)دا، وەهەموو یاساو (شەرعی) پەروەردگار لای زانایان پێی دەوترێت (الأمر والنهي). واتە چۆن ئامادەن هەموو جۆرەكانی (الأوامر والنواهي) جێبەجێ بكەن ئەبێت زۆر لەوان باشتر ئامادەبن سەری(الأمر والنهي) یەكان وەرگرن كە(توحيد الإلوهية)وهەڵوەشێنەرەوەكەیەتی (الشرك).

٣. وەبەشێوەی سێهەم باسی بەشی دووەمی(توحيد) كراوە ئەویش (حقّ)ە واتە ماف و(حقّ) ی پەروەردگار بەسەر بەندەكانیەوە.

وەكو(معاذ) ی كوڕی جبل دەفەرمووێت (من لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ بووم...فەرمووی: يامعاذ أتدري ما حقّ الله على العباد ..... قلت الله ورسوله أعلم، قال: حق الله على العباد أن يعبدوه ولا يشركوا به شيئاً)[٩]

فەرمووی: ئەی(معاذ) ئەزانی مافی خوای پەروەردگار بەسەر بەندەكانیەوە چییە؟، وتم: خوا وپێغەمبەر ﷺ ئەزانێت، فەرمووی: مافی پەروەردگار بەسەر بەندەكانیەوە ئەوەیە بیپەرستن وهاوبەشی بۆ پەیدانەكەن بەهیچ شێوەیەك...).بەم شێوەیە بۆمان دەردەكەوێت مافی پەروەردگار بەسەر بەندەكانیەوە (توحيد الإلوهية) بەلاَم بەداخەوە ئادەمیزاد لەهەموو سەردەمێكدا مافی خۆی پێش مافی خوا خستوە، ئەی نابینین ئەمڕۆ داواكاری هەموو جۆرەكانی مافی هەیە هەرلە مافی منداڵ وئافرەتان ومافی مرۆڤ وتەنانەت مافی گیانلەبەرانیش.

بەلاَم ئەگەر كۆمەڵێكی باوەڕدار هەوڵ وتەقەلا بدەن وبانگەوازیی بۆ مافی پەروەردگار بكەن بەهەموو شێوەیەك نامۆن لە ناو خەڵكدا ،لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت بە شێوەی (الأمر والنهی والحق) باسی (توحيد) و ترسناكی (شرك) لە قورئاندا هاتووە ،واتە هەركەسێك هاوبەشی بۆ خوا پەیدا بكات لە یەك كاتدا فەرمانێكی خوای پەروەردگاری شكاندووەو (حرام) وقەدەغە كراوێكی پەروەردگاری ئەنجام داوەو مافی پەروەردگاری پێشێل كردووە لەم كاتەدا پێی دەووترێت تاوانێكی زۆر گەورە، لە زۆر شوێن لە قورئاندا (ظلم ) بەمانای (شرك) دێت هەروەك لەسەرزمانی لوقمان دەفەرموێت:

---

(٩) متفق عليه).

(يا بنيّ لاتشرك بالله إنّ الشرك لظلم عظيم )[١٠]

وەكو (إبن تيميّـة) دەفـەرموێ (أظلـم الظلم ألأشـراك بـالله ) گـەورەترین تـاوان هاوبەشــی پەیــدا کردنــە بــۆ خــوا ، وەپێغەمبـەر(ﷺ)دەفـەرموێت : ألا أنبئكم بأكبر الكبائر ، قلنا بلى يارسول الله ،قال: الإشـــراك بـــالله ....."[١١]. واتـە :(ئایـا هەواڵتان بدەمێ دەربارەی تاوانـە هـەرە گەورەکان ، ووتیان بەڵێ ئەی پێغەمبـەر ئەویش فەرمووی بریتی یە لە هاوبەش بۆ خوا دانان .....). وەپەیمان و وەعـدێکی نەشـــکاوی خوایـــە کـــە لـــە (شـــرك) وموشــــریکان خـــۆش نابێـــت ، وەك دەفەرموێت:

(إنّ الله لايغفر أن يشرك به ويغفر مادون ذلك لمن يشاء )[١٢]

خوای پەروەردگار لەهاوبـەش پەیداکـەران خۆش نابێت بەڵکو لە (مادون ذلـك) ئـەو تاوانانـــەی لـــەخوارووی (شـــرك)ەوەن لێ خۆشبوون دەیان گرێتەوە بۆ هەرکەسـێ خـــوا بیـــەوێت ، واتـــە هـــەموو تاوانیـــك لەخوار(شرك)ەوەیە هەروەك لـە فەرموودەکـەی پێشوو دیاری کرد لەپێش هـەموو تاوانـە گەورەکانەوەیەو تاوانەکانی تـر لـە دوای (شـــرك)ەوەن. وەبۆیـــە دەبیـــنین ئـــەم پەیمانەش بــــە نەشکاوی باسکراوە لـە فەرموودەکـەی (عائشـة ) خـوای لێ ڕازی بـــێ کەئـــەڵێ : پێغەمبـــەری خـــوا ﷺ دەفەرموێت:

(الظلم ثلاثة؛ فظلم لايتركــه الله، وظلـــم يغفر، وظلم لايغفر؛ فأما الظلم الذى لايغفر فالشرك لايغفره الله وأما الظلم الذى يغفـــر فظلم العبد فيما بينه وبين ربّه فأما الظلـــم الذى لايترك فظلم العباد فيقتصّ الله لبعضهم من بعض)[١٣]. واتـە سـتەم سـێ جـۆرە ستەم هەیە پەروەردگار وازی لێ ناهێنێت و ستەمێك لێی خۆش دەبێت و سـتەمێك لێی خۆش نابێت ئەویش هاوبـەش پەیـدا کردنە ، ئەوستەمەی لێی خـۆش دەبێـت ستەمی بەندەیە لە نێوان خـۆی و خـوادا وەئــو ســتەمەش کــە وازی لێ ناهێنێــت ستەمی بەندەکانە لە نێوان خۆیاندا .

بـەکورتی : گـەورەترین و دادپـەروەر ترین ئادەمیزاد و بەرزترین پلەی ژیری و خواناسـی کەسـێکە کـە (توحیـد) ی پـێ بێـــت و لەســـەری پـــەروەردەبێت وە مەبەست پێی (توحيد ألألوهية)یە ، وەبە پێچـەوانەوە سـتەمکارترین و نـەفامترین ئادەمیزاد ئەو کەسانەن هاوبەش بۆ خـوا بڕیار ئەدەن .

درێژەی باسەکەمان لە زنجـیرەی داهـاتوودا بە یارمەتی خوا تەواو دەکەین.

---

(١٠) (لقمان: ١٣).
(١١) (متفق عليه).
(١٢) (النساء ٤٨).
(١٣) الصحيحة برقم (١٩٢٧)